کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-6-2007 12:33بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## واز لەهەندێ لە هەڵس و کەوتەکانی ڕژێم بهێنن مامۆستایان ... ئیسماعیل کەریم

ئەڵمانیا



پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک پەیوەستە بەوەی تا چەند میلەت ڕۆشنبیرن، ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوانە ودەرگای شارستانی کلتورەکانی تری دوونیا بە ڕووی خۆیاندا دەکەنەوە، لەم نێوەندەشدا هۆشیاری کۆمەڵگا بە هەموو چین و توێژەکانەوە چەندێک ئەرکە لە سەر شانی دەستەڵات کە هەل ومەرجی لەبار بخولقێنێت بۆ میلەت و ئاشنا کردنیان بە زانست و زانیاریەکانی هەموو شارستانیەکان و ڕێگە خۆش کردن بۆ پراکتیزە کردنی توانا و وزەکانی تاک، ئەوا هێندە ئەرکیشە لەسەر چینی ڕۆشنبیر کە بتوانن پاشخانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەوڵەمەندتر بکەن، دیارە لەم نێوەندەشدا، ناکرێت مامۆستا و زانکۆکان فەرامۆش بکرین، چونکە لە نێو هەموو کۆمەڵگەکانی دوونیادا هەموو بیر و فەلسەفە و قوتابخانە ئەدەبی و هونەری وفکریەکان لە حەرەمی زانکۆکانەوە سەریان هەڵداوە و مامۆستایانی زانکۆ هەردەم پێشەنگی هەموو ئەم دەست پێشخەریانە بوون، دواتر لە ڕێگەی والا کردنی هەمووئەم دۆزانە بە خەڵک و میلەت ئاشنا کراوە، بۆیە لە مێژ ساڵە مامۆستا بە گشتی و مامۆستایانی زانکۆ بە تایبەتی هەردەم نیشانەی گۆڕانی کۆمەڵگا بوون لە قۆناغێکی دژوارەوە بۆ گەشتن بە دوونیایەکی ئارام و پڕ مەعریفە، مەعریفەیەک کە سەرەتا خودی خۆمانمان پێ بناسێت و ئاوێزانیکی ئەدەبی و فکریشمان بۆ دەستەبەر بکات لەگەڵ مەعریفەی سەردەم بۆ کردنەوەی هەموو دەرگا داخراوەکانی لە ڕووی ئەم مێژوە سەخت و پڕ کارەساتەی ئێمەی کوردا کە بەدرێژای چەندی ساڵە لە هەوڵ و گەرانی هەردەمیین بۆ دۆزینەوەی کلیلی خۆشبەختی لەسەر ئاستیکی مەعریفی، کە من گومانم هەیە تا چەند فرسەخێکی تریش بیدۆزینەوە

ئەگەر چاوێکی خێرای بە مێژووی زانکۆکانی کوردستاندا بگەرێنینەوە لە ماوەی شانزە ساڵ دەستالاتی کوردیدا، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کا تائێستەش هیچ یەک لەم زانکۆیانە نەیان توانیوە هەستن بەهەموو ئەو ئەرکە پیرۆزو گرانەی کە لەسەر شانیانە، کە من وا هەست دەکەم یەکەم ئەرکی زانکۆ لە ماوەی ئەم شانزە ساڵەی ئازادی و دەستەڵات و حوکمەتی کوردیدا گەر زۆر بەکورتیش بێت ئەوا دەبوایە

1-ئێستا مامۆستاکانی زانکۆ پێشەنگی میلەت بوونیا لە ڕووبەڕوبونەوەی ئەوهەموو گەندەڵیەی دەستەڵات و ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیەدا

2-گەورەترین فشار بونایە بەسەر دەستەڵاتەوە بە پشتیوانی ئەو سەدان وهەزاران قوتابیە گەنجانەی کە ئەمان پەروەردەیان کردوون

3-ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا لە ئاستێکدا بوایە، هەر ڕۆژەی داهێنانێکی تازەی قوتابیەک لە بوارێکی زانستیدا لەسەر دەستی ئەمان مانشێتی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بوایە، نەک کوشتن و ئەتک کردنی کچێک ژنێک بێتە هەواڵی هەموو ڕۆژەی بلاوکراوەکان

4-سەرکردەکانمان گوێ ڕایەڵی پێشنیار و تێبینیەکانی ئەمان بوایە لە کارو کردەی ڕۆژانەیدا، لە هەموو ئاستەکانەوە

پێشوازی کردن لە مامۆستای دڵسۆزو خاوەن بەهرە و داهینانی تازە بکردایە -5

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

6-ئومێدی گۆڕانیان لە ناخ و دڵ و دەروونی هەموو تاکێکی کورد دروستاندا بکردایە
بەڵام بەداخەوە، زانکۆکانی ئەم وڵاتە وەک هەموو شوێنەکانی تر ڕۆتین و گەندەڵی گیانی ئەمانیشی خواردوە، هێندەی لە خۆ بردنە پێشەوەدان لەبەرامبەر دەستەڵات و گەرم کردنی کورسیەکانیان، ئەوا نیو هێندە لە خەمی ئەو ئەرکە گەورە وگرانە نین کە لەسەر شانیانە، ئەرکی دروست کردنی کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیر و زانست پەروەر، کە بردنی ئاسۆکانی زانکۆش بەم ئاراستەیەدا تەنها هەر ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە دەبینین لە نێو ئەمو هەمو زانکۆ و عەمید و مامۆستایانەدا دەبێت هەر چاوەڕوانی سەرۆکی حوکمەت بەڕێز (نێچیرەڤان بارزانی) بن کە داوایان لی بکات ڕیفۆرم بکەن لە زانکۆکاندا
ئەوەی کە زۆر هاندەرم بوو بۆ نوسینی ئەم بابەتە سەردانەکەی ئەم چەند ڕۆژەی بەڕێز سەرۆکی هەریمی کوردستان بوو بۆ زانکۆی دهۆک، دیارە وەک بەڕێزیان خۆیان ئاماژەیان پێدا مادامێ ئەم سەرۆکی هەرێمە کەواتە ئەرکی سەرشانیەتی سەردان بۆ نێو زانکۆکان و ئاگادار بوون لە ئاستی زانست و مەعریفە لەم وڵاتەدا، بەڵام دەبینین مامۆستایانی ئەم زانکۆیە لەبری بەهەند وەرگرتن و کەڵک وەرگرتن لەم سەردانەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەوەی کە بتوانن چەندین پێشنیاری زانستی و جوان بخەنە بەردەم سەرۆکی هەرێم بۆ نەمانی هەموو ئەم گەندەڵی و ناعەدالەتیەی لە کۆمەڵگادا هەیە و زەمینە خۆش کردن کە دەستەڵات گوێ لە ڕەخنە و پێشنیارەکانی زانکۆ بگرێت، کەچی مامۆستایەکی زانکۆ بەم هەموو مەعریفەیەوە داواکاری دەکات لە سەرۆکی هەرێم کە هاتنی ئەم ڕۆژە سەرۆک بۆ زانکۆکەیان بکەنە ڕۆژی زانکۆ، یاخود داواکارن لێی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پی بدەن، ئەمە لە کاتێکدایە سەرۆکی هەرێمی پێویستی بە ئاوا بڕوانامەیەک نیە، چونکە بەڕێزیان بێ بوونی هیچ دکتۆرایەک توانیویەتی ساڵانێکی زۆر سەرکردایەتی پارتێکی گەورەی جەماوەری وەک پارتی دیموکراتی کوردستان بکات و هەموو تەمەنی لە نێو شۆڕش و خەباتێکی نەپساوەدا گرێ بدات، کە دیارە بەم ڕابردووەوە لای زۆرینەی ئەم میلەتە سەرباری ئەوەی خۆشەویست و جێی ئومێد و ئاییندەیانە، لەهەمان کاتدا توانیویەتی درێژە پێدەری خەبات بێت لە کوردستاندا و هەموو ئەم هۆکارانە پاڵ نەر بوون کە گەل بە سەرکردە و سەرۆکی ئەم هەرێمەی بزانێت، بۆیە چی پێوستی بەو بڕوانامە ساختەیە نیە، کە بە ماندوو بوون و ئەزمونی خۆی پێی نەگات، بریا هەموو سەرکردەو سیاسیەکانی ئەم میلەتەمان هەمان هەڵوێستی بەڕێز سەرۆکی هەرێمیان هەبوایە لەم پێشنیارانەدا، ئەوەی کە وەڵامێک بێت بۆ ئەو مامۆستا و هەموو مامۆستاکانی تری ئەم میلەتە تەنها وەڵامەکەی سەرۆکی هەرێم بەسە کە پێێ وتن
(هەوڵی دروست کردنی دیکتاتۆرێکی تر مەدەن و وازیش لە هەندێ هەڵس و کەوتەکانی ڕژێم بێنن.
من دەمەوێ کۆمەکی زانکۆ بکەمو پاسەوانێکی زانکۆبم لەوە باشترە کە بڕوانامەی فەخریم پێبدەن کە سەرشانم قورستر دەکات. ، هەربۆیە وەرگرتنی ئەو بڕوانامە ڕەد دەکەمەوە هەرچەندە فەخریش بێت)
خزمەت کردن و دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتیمان و کارەکەت لەوێوە سەرچاوە ناگرێت، خاوەنی چەندین بڕوا نامەی گەورە و قەبەبیت، بەڵکوو ڕاستگۆی پەنجە سەرخستنە سەر برینەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو هەل ومەرجە دژوار و دۆخە نادیارەی ئێستەو ئاییندەی ئەم میلەتەی گرتۆتەوە ئەرکی سەر شانتە مامۆستای بەڕێز... نەک پێشنیار کردن بۆ بڕوانامە یەک بۆ سەرۆکی هەرێم کە هەرگیز بیری لێنەکردۆتەوە ودرێژە دانی بەخەباتی نەپساوەی و هەنگاو هەڵێنان بەرێزی بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ کوردی خەونی سەرۆک و هەموو تاکێکی ئەم میلەتەیە، هاتنە دی ئەم کارە پیرۆزەش تەنها لە دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتیمان دەبێت، نەک لە بوونی چەند بڕوانامەیەک کە تۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەتە، هەر لەم سۆنگەیەوە دەکارم بڵێم گەر هێندە دڵسۆزی میلەت و سەرۆکی هەرێمیت ئەوا دڵسۆزی لە کارەکەت و ڕاستگۆی لە هەستەکانتا، پەروەردە کردنی نەوەکانی ئەم گەلە بە هۆشیاریەکی گەورەوە وبێدەنگ نەبونت لە هەموو گەندەڵێکان، ئەو پەڕی دڵسۆزیتە بۆ سەرۆکی هەرێم و تەواوی ڕەش ڕوتی ئەم گەلە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.